# ((تەڕترە لەخاوکەر*.....ئەم برینە))

عەلی پێنجوێنی

باڵێك خۆی لەبرینی ئاسمان دەسوێ و

خوێناوی دەبێت, ئینجا دەزانێ

فڕین بەخوێنەوە جوانە

نیوەڕۆ, بەدڵی پڕ لەئەسەفەوە

لەبەردەم فوارەی مزگەوتەکەدا بورایەوە

کەچی مامۆستا بەو پەڕی نەزاکەتەوە

لەمیحرابەکەی خۆیدا

جەنازەی ئیمانی کفن و دفن دەکرد

لەناو مەزراکان, ڕێشۆڵەی کوژراو

خەون بەفڕینەوە دەبینێت

لەناو تاقی پەنجەرەکانا

دایکم بۆ کلیل دەگەڕێ, تا دەرگاکانی سەرابی پێ بکاتەوە

لەناو بیەکانا,

تەنیایی بەو هەموو هەیبەتەی خۆیەوە دەلەرزێ

سەر بەکۆشی کام حەقیقەتا دەکەی...؟!

ئەی نازانی...

ئێمە هەموومان ماڵمان هەیە, کەچی لەبەردەرگا دادەنیشین

زرنگەی دێ پاوانەکانی پێی یارو

شکۆفەی دێ برینەکانی سەر دڵم

ئەڕەقسێ قوڵپی گریانم

بەسەر پشکۆی ئەم برینە تەڕەوە, کەخاوکەرە

خاوکەر قیامەتە, لەناو قوڕگا

خاوکەر گەردەلولە, لەناو خوێنی ڕژاوی پایزا

خاوکەر لەچکەی ژنێکەو

خوا دەمولوتی خۆی پێ هەڵبەستووە
تا چیتر بۆگەنی ژیان هەڵنەمژێ
سەبرتر لەسەبری ئەیوب
سەبرتر لەمەرگی خۆڵەمێش
نەرمتر لەگلەیی کوزەڵە, لەگوێی چەمێکی جێماوا....
بۆنخۆشتر لەبۆنی سەمونی بەیانیان
دڵتەنگتر و بێکەستر لەو خاوکەرانەی
لەبنی کانیەکانی (گەرمیان) دا بەجێمان
دەخیلت بم لێگەڕێ
ئەم ڕێگایە هەربەتەنیا دڵئاوەرە
لێمگەڕێ, با ئەم ئێوارە
بەتەنیا بڕۆم ڕێحانەکانی دایکم ئاو بدەم

سپی... خودا یان دایکم
باران....
خۆم یان منداڵەکەم
هەور....
دڵم یان دڵم
کاسەیەك بەخوێنەوە ڕەوانەی ناو دەریای بکەو
سوێند بەجوانی ئاو بخۆ
چەمێك بپەڕێنەرەوە ئەوبەر دەشتی دڵنیایی و
لەگەڵ دەمەشێرە دەموپل خوێناویەکانا
رەسمێکی بگرە بۆیادگاری
منیش لێرەوەیە بەهەردوو دەستم دەبنە سوتو
بەدیار خنکانی پەلکێ رازیانەوە
ئەو دەمانە ئیدی

سەرم سوڕ دەمێ لەوەی

ئاو بۆچی قەت ناخەوێ؟

باران بۆچی, کە ملی نا, هەرگیز ناگەڕێتەوە؟

چواله بۆچی, هەتا خۆی سورنەکا لەخوێن

گوڵ ناگرێ؟

سەیرە....!

بۆچی هەمیشە دایکم, لەبانگی ئێوارەدا

توشی دڵەکوتێ دەبێت و

دەنکی تەزبێحەکەی خێراتر دەجوڵێنێ؟!

سەیرە.... ئێجگار سەیرە

مەرگی کەسێك نامگرییێنێ

کەچی کە گوێ لەخاوکەرێ دەگرم

دڵم دەبێتە مەحشەری گریان

دڵم هێلانەی مەستانە

وەلێ تەنیا خاوکەر

بەمەستی ڕێی دەکەوێتەوە ماڵی دڵ

جاران خودا, لەسەر میلۆدی خاوکەر

وەحی دەنارد بۆ سولەیمان

بۆیە باخەکانی وی

تژی بوون لەبێستانی پڕ شەمامە

وەلێ ئێستا

خودا, لەسەر ئاسەواری قوببەی مزگەوتێکی روخاو

دانیشتووەو دەڵێ

ئەو هەموو ساڵە, تەنیایی پیری نەکردم

کەچی لەو رۆژەوەی, تەراتیلەکانی خاوکەرم لێ ونبووە

**زمانم چۆته کلیلەو گۆرانیم لەبیر چۆتەوە**

**نزایەك لەدڵما سەوز ئەبێ**
**ئاوێك لەقولاّییا**
**سەر ئەكا بەكۆشی خۆلاّ**
**شەو لەدەستما نوستووەو**
**بارن لەناو میلۆدی ئەم خاوكەرەدا, هەدادانی نیە**
**دەشتی وەحشەت بەرەوالاّیەو**
**برینی ئەم ئاوابوونە تەڕ تەڕە**
**وەك دەستی دوعای نوێژێكی بەجێماو**
**تۆ دەڵێ شكستە باڵم**
**من دەڵێم نەفرەتت لێبێت, ئەی فڕین**
**تۆ دەڵێی**
**ئاسمانێكی سامالّ جوانە, بۆ خەم بەباكردن**
**منیش دەڵێم**
**سەحرایەك بۆڕوانین خراپ نییە**
**تۆ لەناو قامەتی رەنگا ئەدرەوشێیتەوەو**
**بێ ئاگای لەوەی**
**تەجەللای تاریكی چ كۆشكێكی ئەفسونگەرە**
**من, لەپێی كۆلاّنەكانی دوكەلاّ**
**بەدوای درەوشانەوەی مۆمێكی ونبودا وێڵم**
**ئەزیزەكەم, بەرەوكوێی دەئاژوی**
**ئەم كەشتیە پڕ دوكەڵە**
**ئەی نابینی ئێوارە, بەدەست بەتاڵی دانیشتووەو**
**ئاوابوون قسەیەكی پێ نییە, بۆبەیانی**
**ئەزیزەكەم پێی ناوێ**

ئەمپەڕاو پەڕكردنی دنیا
تۆ لەودوورەوە سیگارێ رۆشن بكەو
منیش لەم سەری دنیاوە
دوكەڵ دەكەمە چاوساغ و
سۆراغی برینەكانی خاوكەر دەكەم.

هەر دەڕۆیت و پەلەپیتكەی ئەم ختورەیەت
ئێوارانم خوێناویتر دەكات
وەنەوزی ئەم كۆترانە
تارمایی مەرگم لەلا تۆختر دەكاتەوە, یاران
شلویێ بوونی غایەڵەی ئەم بێ تاقەتیە
نایەڵێ سوتوی جگەرەكەم هەڵگرمەوەو قومێ لەخۆم بدەم
كەلەبنی پیاڵەكەما بەجێ ماوە

برینی بای بەیانیان و سێبەری بەجێماوی تەوێڵی تەڕی دایكم
بەبەردە نوێژەكەوە
سایەی ئەو گوڵە حاجیلانەی, تامردن
دەستیان بەر جوانی شەو نەكەوت
گمەی جێماوی ئەو كۆترەی
لەدەست خوا رایكردو خۆی كوشت
سەربوردەی ئەو دڵتەنگیانەی
هەمیشە سەرە داوەكانیانم لێ دەئاڵۆزێ
خرمە خرمی دوگەڵاُ, لەتەنەكەیەكی خۆڵاُ
سەرەتایەكی كوشندەن
بۆ لەیەكترازانی هێڵەكانی قسەكردن

**ئەفسوس دەفتەرێکم لیٚ ونبوو**

**بۆنی غەریبی دەریای لیٚ دەهات**

**کتێبێکیان لیٚ فڕاندم**

**تاڵیٚ قژی دایکم و پڕ بەرچنەی مناڵیٚ**

**ئیمانم تیا هەڵگرتبوو**

**ئەفسوس.........**

**سورەتێکی نەنوسراوی و**

**لەدڵی خۆلاٚ نەبێت, ساکن نابیت**

**لەنیگای سەرابێکی پەژموردەدا نەبیٚ ناڕوانیت**

**ئایەتێکی لەبیرکراوی و**

**ڕێبوارەکانی ڕێگای دۆزەخ نەبێت**

**کەس ناتلێتەوەو ئەزبەرت ناکا**

**تۆهەرتەنیا لەخۆت ئەچیت ...ئەی خاوکەر**

**تۆلەخۆت و لەدڵم ئەچیت**

**تۆ لەئاو و لەچاوم ئەچیت**

**تۆ لەخۆڵ و لەقوڕگم ئەچیت**

**ئیدی هەر هێندەم ماوە, بڵێم**

**کەدیوار ئەڕمیٚ بەسەر ڕەنگا**

**کەگریان ئەڕوخیٚ بەسەر دلاٚ**

**کەگۆرانی لەناو وەجدا فەنا ئەبیٚ**

**کەبرین تەڕتر دەبیٚ لەخوێنی پرتەقاڵیٚ**

**کەخاوکەر قوڵپ ئەدا**

**لەپێچەکانی (ئای....ئای) یا**

**ئەو دەمانە برینی تەنیایی دەڵیٚ**

**خوێنم لیٚ ئەچۆڕیٚ یاران**

**ئەو دەمانە**

برینی تەنیایی دەڵێ:

ئەگەر مۆڵەت هەبوو دەڵێم:

تەڕترە لەخاوکەر ئەم برینە.

*خاوکەر: جۆرێکە لەمەقام تایبەتە بەناوچەی گەرمیان.